کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-6-2007 18:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## گرانی لە بازاڕەکانی هەرێم ... هۆکارو چارەسەری ... ئەندازیار نەریمان محمد گەڵاڵی

لە ڕووی بوژانەوەو ئاوەدانیەوە هەولێکی زۆر دراوە و کەس ناتوانێت نکۆڵی لە و هەموو گۆڕانکاریە ئەرێنیانە بکات کە لەو چەند سالانەی دوایی ڕوویانداوەو بوونەتە چەندان رووی شارستانی گەورە لەشارەکانی کوردستان، بەڵام دیارە هەندێک بەرەنجامی خراپیشی لیکەوتۆتەوە کە دەبوایە پێشووتر حیسابی وورد تری بۆ بکرابوایە وەکو ئەو هەڵئاوسانە (تضخم) ئابووریەی کە ڕویداوەو خەڵکی هەرێمی کوردستانی تووشی گرانی و نیگەرەنیەکی زۆر کردوە. ئەگەر سەرنج بدەین تەنها لە ماوەی ساڵێک لە پاش گۆڕانی پارەی عێراقی و زیادکردنی مووچە شیرازەی بازاری هەرێم بەرەو گرانی و نەهامەتیەکی ئیجگار زۆر ڕۆیی تا سەرەنجام هاتە سەر ئەو بارەی ئێستای کە زۆربەی خەڵک بەدەست گرانیەوە نیگەران ببن وخۆزگە بەوکاتانە بخوازن کە مووچە کەم بوو بەڵام ژیان سادەترو هەموو شتێکیش هەرزانتر بوو. بەڕای من خاڵی دەستپێکردنی گرانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نرخە نا ماقووڵانەی کە زەویوزار دروستی کردوو حوکمەتیش لە جیاتی چارەسەری مەسەلەکە و دانانی مەرج و زەوابت هەربەردەوام بوو لە دابەشکردن کە بێسەروبەریەکی زۆری تێدابوو، لەلایەک جیاوازی لەڕووی دارایی خەڵکەوە نایەوە، لەلایەکی تریش سمسارەکانی ئەو بوارەی بەشێوەیەکی زۆر سەیر زیاد کرد یان بەشێوەیەکی تر بازرگانیەکی ناوەخۆیی نابەرهەمداری زۆر چالاکی دروستکرد بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ بهێنێتە ئارا جگە لە گرانبوونی بازار. چونکە زۆربەی ئەو زەویانەی کە کرین و فرۆشتنێکی ئێجگار زۆریان لەسەر کراوە نەک هەر بۆ یەک دوو ساڵ شوێنی واهەیە لەوانەیە بە دە سالی تریش هەر ئاوەدانی و خزمەتگوزاری نەگاتێ. لە هەموو دونیادا پاڵپشتی ئابووری دراوی گرانە (العملە الصعبە) کەچی لە هەرێمی کوردستان زەوی ئەو ڕۆڵە دەبینێت یان بەلایەنی کەمەوە وا مامەڵەی لەگەڵ کراوەو ئەو نرخانەی کەهەن لە ناماقولید گەیشتوونەتە ئەوەی کە گرانتر بن لە زەوی و زار لە لە هەندێک پایتەختی ئەوروپی وەکو لەندەن و بەرلین!!!!!! ئێستا بارێکی وا دروست بووە کە ئەگەر نرخی زەوی بێتە خوارەوە هەموو چالاکیەکی ئابووریش لە هەرێمی کوردستان بەرەو کزی بڕوات چونکە بە بۆچوونی من هەموو شتێک لەسەر ئەو بناخە ناڕاستە وەکو دراوی گران مامەڵەی لەسەر کراوە. ڕاستە لە هەرێمی کوردستان ئاسایش و ئەمان هەن بەڵام ئێمە بەشێکی بچووکین لە هاوکێشەکانی وولاتێکی ناجێگیرو نائاسایی و بازاری ئازاد لەبارودۆخێکی ئاوادا نابیت پەیڕەوی بکرێت ئەگینا شیرازەی ئابووری دەشێوێنێ و لە دواییدا دەبێتە هۆی دروستبوونی کارەسات. ئەو گرانیە ئەگەر بەردەوام بێت و حوکمەت چاو بە سیاسەتی ئابووری و پوولی خۆیدا نەخشێنێتەوە رۆژێک دێت ناتوانێت ئیلتیزاماتە پوولیەکانی خۆی جێبەجێبکات و داتەپینێکی (رکود) ئابووری زۆر گەورە دروستدەبێت کە هەڕەشە لە کیانی حوکمەت و هەموو خێزانی کوردی دەکات!.

دەکرێت لە زۆر باردا سوود لە تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکان وهۆکارەکانی بووژانەوە وەربگیرێت جا لەهەر وولاتێکەوە ئەنجام درابن بەڵام دەبێت نەکەوینە هەڵەی بەراوردکاری ناڕاستەوە ئەگەر نا تەنها لایەنێک یان زیاتر دەبووژێتەوە لەسەر حیسابی

لایەنەکانی ترو لە بەرەنجامی گشتی نابێتە سەرکەوتنێکی سەرتاسەری. بۆ نموونە دوبەی شوێنێکی زۆر گونجاوی هەیە هەم بۆ بازرگانی و هەم بۆ گەشتوگوزار بۆیە وەبەرهەمهێنەکانی ئەو دوو بوارە سەرکەوتنێکی یەکجار گەورەیان بەدەستهێناوە و بوونەتە هۆکاری دروستبوونی ئەو هەموو باڵەخانە گرنگ و شەقامە زۆرانەی ئۆتۆبان، بەڵام ئەگەر دوبەی شوێنێکی گونجاوی هەیە بۆ بازرگانی ئێمەش لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەرێمی کوردستان خاکێکی بەپیتمان هەیە بۆ کشتوکاڵ کە ئەگەر پەرەی پێبدەین دەکرێت پاش چەند ساڵێک سەرەڕای تێرایی خۆیی (الاکتفا و الذاتی) بەرهەمەکان بگەیەنینە وولاتانی کەنداوو داهاتێکی باشیش بۆ هەرێم مسۆگەر بکات. هەروەها ڕەنگبێ لە داهاتوودا کوردستان لە رووی گەشتیاریەوە بتوانێت سەرکەوتنێکی هاوشێوەی دوبەی دروستبکات ئەگەر بەشێوەیەکی مۆدێرن بایەخی پێبدرێت و بۆئەو مەبەستە کەڵک لە تۆپۆگرافیای کوردستان وەبگیرێت، چونکە ناوشارەکانی هەرێمی کوردستان بە تێکرایی هیچەکیان مقەوماتی گەشتیاریان تێدا نیە تا پێشبڕکێی زۆربەی شارەکانی وولاتانی دەوروبەر بکات بۆیە دروستکردنی هۆتێلی نایاب لە ناویاندا نابێتە هۆی ڕاکێشانی کەشتیاری بیانی وناوەخۆیی عێراق وهیچ وەبەرهەمهێنێکی بیانی کە ئەوانەی لە دوبەی بۆ نموونە پارەکانیان خسۆتە گەڕ ئامادەنین بێنە هەرێمی کوردستانەوەو لەشارەکاندا کاری وەبەرهێنان بکەن و ئەو گرانیە نابەجێیەش کە دروست بوە لە دەستی کرێکارو ... هتد یارمەتیدەر نیە بۆ ئەو بابەتە. نە بەهێنانی کرێکاری هیندی و نە بە خزمەتکارانی تایلەندی فلیپینی و نە بەو سوپەرمارکێتانەی کە هەموو ماددەکانیان لەدەرەوە دەهێنن، کوردستان نابێتە دوبەی. ئێمە دوو ڕێگەمان لەپێشە بۆ پێشخستنی وولات و خۆشکردنی گوزەرانی خەڵک بەو دوو شتەش دەکرێت ڕۆژێک بێت خۆمان لە ڕووی داهاتەوە بەراورد بکەین لەگەل هەرێمێکی وەکو دوبەی کە کردومانتە بنێشتە خۆشەی سەرزاران یەکەمیان پێشخستنی کشتوکاڵە کە دەکرێت لە ڕێیەوە بازارەکانی وولاتانی کەنداو لە کوێتەوە تاکو دوبەی بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکان مسۆگەر بکەین و لەو ریگەوە سالانە چەند ملیارێک داهاتی هەرێم زیاد بکەین. دووەمیان گەشتو گوزارە کەدەکرێت لە ڕێگەی سیاحەت و خزمەتگوزاری نایابەوە داهاتێک وەدەست بهێنرێت زیاتر بێت لە داهاتی نەوت ئەوەش بە دروستکردنی مەرافقی سیاحی گەورە لە ناچە شاخاویەکان کە هەڵبەت لەداهاتوودا و ساڵانە دەبێتە راکێشانی سەدان هەزارکەس بۆی چ لە ناو عێراق و چ وولاتانی کەنداوەوە. بۆیە پێویستە هاندانی حوکمەت بۆ بەرهەمهێنە بێگانەکان بۆ ئەو دوو بوارە گرنگە بن بە پلەی یەکەم و ئینجا پرۆژە پیشەسازیە بچووکەکان بن بۆ دابین کردنی پێداویستیە ڕۆژانەییەکان لە خۆراک و ووزە ئەگەر نا لە وانەیە وەبەرهەمهێنەکانی بواری بیناسازی تووشی شکست و زەرەرێکی چاوەڕوان نەکراو بن و ببێتە ڕەوینەوەی ئەوانی تریش بۆ نمونە ئەو باڵەخانە گەورانەی ناو جەرگەی شار لەوە بترازێت کە وەکو قەیسەریەکی گەورەی لێدێت هیچ لە ڕووی ئابووریەوە ناگۆڕیت و هیچ جمووجۆڵێکی بازرگانی ئیقلیمی یان نێودەوڵەتی! لێوە دروست نابێت وەکو هەندێک بە هەڵە بانگەشەی بۆ دەکەن. نەک هەر ئەوە بەڵکو ڕۆڵێکی خراپتر دروست دەکات لە کەمکردنەوەی کارەبای هاولاتیان و گرانکردنی کالاکان لەسەر هاولاتی جا کاتێک لە زەمینەی ڕاستی هەست بەوە دەکرێت زۆر لە لایەنە پەیوەندیدارەکان زەرەرمەند دەبن. ئەوەش لەبەر هۆیەکی ئاسان ئەویش ئەوەیە ئێمە هیچ شتیک لەلای خۆمانەوە بەرهەم ناهێنین تاوەکو بازرگانی پێوە بکەین و ئەو بڕە پارەی بەشی هەرێم کە وەریدەگیرێت ڕێک دەچێتە وولاتانی ئیقلیمی و هەندێک وولاتی وەکو چین و ئیماراتەوە لە ڕیگەی هێنانی شتی کۆنزۆمیەوە (ئیستیهلاکی) . پێویستە حوکمەت هەوڵ بدات خۆی لەو هەموو مووچەخۆرە زۆرەی خۆی ڕزگار بکات کە بوونەتە پێنج جای باری ئاسایی و میللەتەکەمانی بەرەو تەمبەڵی و دامودەزگاکانیشی بەروە گەندەڵی بردوەو چاو بەو نارێکی و نا بەرابەرییەی ڕێژەی پارەی موچەخۆرانی حوکمەتیش بخشێنێتەوە کە هۆکارێکی تری گرانبوونوونەکەیە، هەروەها لەجیاتی ئەوە بەو موچانەی کەدەدرێت بەو هەموو کارمەندو فەرمانبەرە زیادانە کە دەکاتە نزیکەی لە سەدا چلی هەموو داهاتی هەرێم پشتگیری کەرتی تایبەتی بکات بۆپرۆژە بەرهەمدارەکان لە هەرێم کە خەریکە بەتەواوی لە ناو دەچن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مەبەست ئەم نووسینەم تانەو تەشەر نیە لە هەوڵی دڵسۆزان چونکە لە ڕاستیدا بەهۆی ئەو هەموو پڕۆژەو کارەچاکانەی کراون لەیەک شتدا دوبەیمان بەزاندوە ئەویش نرخی هەموو شتێکە لە بازاڕەکانمان!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.